## چیرۆکی ژیانم

# تەمەن دیواری نێوان خۆشەویستی نییە

**نووسینی : س ، جەمیل**



لە هەرەتی لاوی دابووم .پەیوەندی خۆشەویستیم لەگەڵ بۆرە خزمێکی خۆمانا لە لووتکە دابوو ، سۆزو بەڵێنمان بە یەکتردابوو ، هەڕەشە و گوڕەشەکانی رۆژگار نەید ەترساند ین . خاڵۆم کە ١٥ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو ، لە ناکاو بە نەخۆشیەکی کوشند ە ماڵئاوایی لێکردین . منداڵە کانی بێ پشت و پەنا مانەوە . دوای تەواو بوونی پرسەکەی من و دایکم

چەند شەوێك لە لایان ماینەوە . دوو کچ و کوڕێکی هەبوو . کچەکان تەمەنیان ١١ و ٩ ساڵان بوو ، کوڕەکەش ٥ ساڵان بوو ، دڵیان بە ئێمە دەکرایەوە . داوایان دەکرد زوو زوو سەردانیان بکەین .زستانی بەسەر داهات ، خاڵۆژن و منداڵەکانی هەراسان ببوون ، هەترەشیان چووبوو ، لە ئێمە نزیکتریان نەبوو ، جا ر جارە دایکم دەچووە لایان و شەو لایان دەمایەوە ، بەڵام بۆ دایکم نەدەکرا ، ماڵی خۆی جێبهێڵێ وبچێ لە ماڵی ئەوان بخەوێ . منیش قوتابی پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم ، باوکم ئاواتەکانی خۆی لە سەر دوا ڕۆژی من هەڵچنی بوو . هانی دەدام و دڵ گەرمی دەکرد م و داوای لێدەکردم کە باش بخوێنم و نمرەیەکی بەرز وە دەست بێنم ، خاڵۆژنم هەستی بە ڕازو نیازی باوکم کردبوو . رۆژێکیان بە دایك و باوکمی گوت: – ئەگەر (س) بیەوێ ، من دەتوانم هاوکاری بکەم ، خاڵۆژن بۆ خۆی مامۆستای ئامادەیی بوو ، ئەوەبوو بڕیا رد راکەمن شەوانە بچمە ئەوێ هەم کۆمەك لە خاڵۆژنم وەر بگرم و هەم ئەوانیش لە ترس رزگا بکەم . چەند مانگێك بێ گرفت گو زە را، شەوانە دەچووم بۆ ماڵیان . یەك دوو سەعات مەشقی وانەکانی پێدەکردم . بەڕاستی مامۆستایەکی لێهاتوو بوو . سوودم لە زانیاریو شێوەیوانە گو تنەوەی وە دەگرت ، لە راستیدا خۆی لە گەڵ ماند وو دەکردم ، شەوانە هەموومان لە یەك ژووردا دەخەوتین ، بەیانیان دەچوومە قوتابخانە ، دوای دەوام سەرێکی ماڵی خۆمانم دەدا ، تا ئێوارە لە ماڵی خۆمان ، لە لای خوشك و براکانم دەمامەوە . شەوانە دەگەڕامەوە بۆ ماڵی ئەوان .. ئەوانیش تەواو هۆگری من ببوون ، لەگەڵما میهرە بان بوون . وەك یەك خانەوادەمان لێها تبوو. هەرسێ مناڵەکە بە کاکە بانگیان دەکردم . هەستم کرد ووردە وردە پێوەند یم بەرەو ئاقارێکی تر دە ڕوات . لە خۆ ڕا دڵم لە سەر خۆشەویستەکە

ساردبۆوە . ئەو نەیدە ویست وازم لێ بێنێ . بە سۆزو بەڵێنەکانی خۆی وە فاداربوو ، ئەوە من

بووم دەست بەرداری دەبووم و حەزم دەکرد چاوم بە چاوی نەکەوێتەوە . ئاکام وازم لێهێنا . خاڵۆژن بە چیرۆکی ئێمەی دەزانی . هەندێ جا ر بە گاڵتەوە توانجی لێدەدام و بە هەرزەکاری دادەنام . ئەو پێیوابوو مرۆڤ لەو تەمەنەدا واتا و چەمکی خۆشەویستی ناناسێ ، تەنیا خولیا و مەراق دوو کورو کچی هەرزە بەیەکەوە گرێدەدا و لە یەکتریان نزیك دەکاتەوە .

ئەو پێیوابوو ئاکامی ئەو جۆرە خولیایانە تەنیا دابڕان و زوێری و تووڕەییە ، ناکام دەمینێتەوە . لە نێو قسەکانیدا بەرەو جیهانێکی تر ڕایدەکێشام ، ڕێگایەکی تری پێشان

دەدام ، دەرگای ئەڤین و سۆزێکی تری بۆ دەکردمەوە . سەرەنجام هەستم بە خورپەو لێدانی دڵم کرد ، بەرەو هەورازێك ملم نابوو ، هەڵزنان ئاسان نەبوو ، هەستم بە خۆشەویستی

لە گەڵ کەسێکی لە خۆم گەورەتر دەکرد . درکاند نی ئەو وشەیە بە مەرگ گرێ درابوو .

شەوانە دەیان لێکدانەوەی نابەجێ ختووکەیان دەدام ، مامۆستام هەستی بەناخی من کردبوو، بەڵام خۆی لێ نەبان دەکردم ، بە شێوازێکی ئەوتۆ دەیدواندم کە زیاتر بە خۆیەوە

پەیوەست ببم ، ئیتر وام لێها تبوو ، ئاگام لە دایك و باوك و خوشك و براکانم نەمابوو ، زۆر جاران دەمویست ڕازی داکراوی خۆمی بۆ بد رکێنم و تێی بگەیەنم کە ئەوم خۆش دەوێ ، کە بەرامبەری دەوەستام ، زمان لە دەمم نەدەما ، دەترسام تەریقم بکاتەوە . هەستم کردبوو کە زۆر لێزانانە رەفتارم لە گەڵدا دەکا، دەمد وێنێ ، دەرسم پێدەڵێ و ریگای ژیانم پێشان دەدات ، بە هەرجۆرێ بوو لە یەکتر ئاشکرا بووین ، زیاتر لە گەڵ یەکتر دەدواین ، بە رەفتاری زانایانەی خۆی کارێکی وای نەدەکرد کە بەرەو ناشایستە شۆڕ بینەوە ، زۆر گران و سەنگین هەڵسوکەوتی دەکرد ، داوای لێدەکردم کەزۆرتر بیر بکەمەوە . زۆرتر لێکدانەوەی بۆ بکەم ، پەلە نەکەم و بڕیاری هەرزەکارانە نەدەم ، ئەوساڵە بە هاوکاری ئەو نمرەیەکی زۆرم هێنا و لە کۆلیژێکی باش وەرگیرام . بەڵام ئیتر ببوومە ئەندامێکی ئەو خانەوادەیە و بەبێ ئەوان نەدەژیام . ساڵی یەکەمی زانکۆ ئەزموونێکی تازە بوو . لە هەردوو ڕەگەزەکە هاوڕێم پەیدا کردن ، بەڵام ئیتر کەسێکی تر نەیتوانی خۆی بخزێنێتە دڵی منەوە . کەسی تر نەیتوانی دڵی من ڕام بکات . بە ناچاریەوە هانام بۆ دایکم برد . ئەو لە دڵەوە حەزی بە سەر گرتنی پرۆژەکەم دەکرد ، بەڵام پێیوابوو مامۆستاکەم بەو قسانە نیگەران دەبێ و نێوانیان تێکد ەچێ . دایکم ئەو باسەی لەگەڵدا کردەوە . ئەو گوتبووی :(( تا ئێستا بەو چاوە سەیرم نەکردووە ، دواتر جیاوازی تەمەنمان هەیە !)) . من دەمزانی دەیەوێ بە سووك و ئاسانی تەسلیم بەداواکەی دایکم نەبێ ، بەڵام لەوە دڵنیاش بووم کە سەرەنجام بڕیا ر دەدات و بە خواستی خۆم دەگەم. باوکم ڕای لە سەر نەبوو . لە قسەو قسەڵۆکی خەڵك دەترسا ، هەرچۆنێ بوو دایکم ئەویشی ڕازیکرد . ساڵی سێیەمی زانکۆم بە تەواوی لەو ماڵە جێگیربووم و بووم بە کۆڵەگەی ئەو ماڵە ، ژیانێکی نوێ دەستی پێکرد . ژیانێك کە هەمووی ئەڤین و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و تێگەیشتن بوو ، جار جارە کوڕانی گەڕەك تیرو توانجیان لێدەدام،

بەڵام باکم بە توانجی ئەوان نەبوو ، دڵنیا بووم کە کارێکی سەرکەوتووانەم ئەنجام داوە ،

لە دوارۆژو چارەنووس پەشیمان نەبووم . بە هەوڵ و تیکۆشانیمامۆستا و هاوسەرەکەم سەرکەوتوانە خوێندنی زانکۆم تەواو کرد . وەك زۆربەی هاوپۆل و هاوتەمەنەکانم کرام

بەسەر با ز . ژیانی سەربازی قورس و سەخت بوو ، زۆرجاران بیرم لەڕاکردن دەکردەوە .هاوسەرەکەم تەواوی بڕیارەکانی بە خۆم سپاردبوو . بەڵام باوکم و دایکم داوایان لێدەکردم،بەبێ گرفت سەربازیی تەواو بکەم . ئەو دووساڵەی سەربازی زۆر بەزەحمەت گوزەرا، دوای تەواو کردنی سەربازی گەڕامەوە ماڵەوە . هاوسەرەکەم دڵ گەرمی دەکردم کە خوێند نی باڵا تەواو بکەم . منیش حەزم بەخوێندنی زۆرترو وەرگرتنی بڕوانامەی بەرزتر دەکرد . دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ئەو هیوایەم لەلا گەورەتربوو . هەر دەرگای زانکۆکان کرانەوە ، بەپەلە داواکاریم پێشکەش کرد ، چونکە پاڵپشتی دوو لایەنەکەم نەبوو ، وەرنەگیرام . دوو سێ ساڵ بە دوای یەکەوە هەوڵمدا ، بەڵام نا ئومێد کرام .ئیتر خوێندنی باڵام لە مێشکی خۆم دەرکرد . وەك زۆربەی خەڵکی نا حیزبی لە هیچ لە دام و دەزگایەك وەرنەگیرام . هاوسەرەکەم هەستی بە نیگەرانی لە دانەمەزراندنم کردبوو . بەڵام هەرگیز کارو پێشنیارێکی ئەوتۆی نەدەکرد کە زیاتر نیگەرانم بکات . بە هەوڵ و کۆششی ئەوەوە دوکانێکم لە نێو بازاڕدا پەیدا کرد . بەیانیان بەرەو کاری دوکانداری شۆڕدەبوومەوە، دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێم کە هیچ گرفت و ناخۆشیم نەبوو ، هاوسەرەکەم لە جاران زیاتر ڕێزو خۆشەویستی پێدەبەخشیم و بەرەو ژیانێکی کامەران و بەختیا ر هانی دەدام . بە هۆی دوکانداریی‌یەوە ناسیاویم لەگەڵ خوێنکارێکی زانکۆ پەیدا کرد ، وردە وردە ئەو ناسیاویە بەرەو خولیاو ئارەزووی هەرزەکارانە ڕۆیشت . تا وایلێهات زۆرجاران بەبیانۆی سەردانی ماڵە خزمان ، نە دەچوومەوە ماڵەوە . هاوسەرەکەم هەستی بە گۆڕانی من کردبوو . بە پەیقیڕێزدار دەیدواندم و دەیویست هۆی گۆڕان و خەم ساردیم بزانێ . سەرەنجام بە پەیوەندی نێوانمانی زانی . بەڵام تووڕە بوون و نیگەرانی پێشان نەدام . تەنیا ڕێنوێنی هاوڕێیانەی دەکردم . دواتر کە زانی من دەستبەرداری ئەو خۆشەویستیە نوێیە نابم ، پێشنیا ری کرد کە بیخوازم و لەگەڵ ئەویشدا بژیم . بەڵام خۆشەویستەکەم بەو پێشنیا رە ڕازی نەبوو ، تەنیا مەرجی بەیەك گەیشتنی بەجیابوونەوە لەگەڵ هاوسەرەکەم دادەنا . سەرەنجام هەرزەکارنە بڕیارمدا و لە هاوسەرەکەم جیابوومەوە. لە ڕاستیدا دایکم و براکانیشم بەو بڕیارەی من ڕازی نەبوون . بەڵام باوکم شاگەشکە ببوو . بۆ زەماوەند و ماڵدانان هاوکاریەکی باشی کردم .شەش مانگ لە ژیانێکی لەزەت بەخشابووم . بەڵام هەستم بەوە کردبوو کە ئەمەیان وەك هاوسەرە کۆنەکەم ڕۆشنبیر و ڕێزدار نیە ، وەك ئەو خۆشەویستیم پێنا بەخشێ ، بەڵام دیسانەوە پەشیمان نەبووم .

بە هۆی دوکانەوە ناسیاویم لە گەڵ دوکاندارێکی شارێکی تر پەیدا کرد ، کەل و

پەلەکانم لەو دەکڕی . هەندێ جا ر بۆخۆی کەل و پەلەکانی بۆ دەهێنام . گەنجێکی وریا و

لێهاتوو بوو ، جارێکیان تا کەل و پەلەکانمان جێ بە جێ کرد ، درەنگ داهات ، ڕێگەم نەدا بگەڕێتەوە . تەلەفۆنم بۆ ماڵەوە کرد تا خواردنێکی خۆشمان بۆ ئامادە بکات . کاتێ ناسیاوەکە هاتە ماڵەوە و لەگەڵ خێزانەکەم چاویان بەیەکتر کەوت ، هەردووکیان

شڵەژان،زمانیان گیرا و قسەیان بۆ نەکرا . هەستم کرد ڕازێکی شاراوە لە ئارادایە ، لێم بوو بەمەراق ، بە دوایەوە داچووم . دوای زیاتر لە ٦ مانگ بۆم ئاشکرابوو کە ئەو دووانە دەستگیرانی یەکتر بوونە . تەمەنێك خۆشەویستیان لە نێواندا هەبووە ، بە هۆی منەوە

وازیان لە یەکتر هێناوە ، بەڵام ئەو باسە هەرگیز لای من نەکرابۆوە . دیزە بەدەرخۆنە کرابوو. فێڵم لێکرابوو، ئیتر نەمد ە توانی لەگەڵ ژنێکا بژیم کە ڕابردووی خۆی لە من پەنهان کردووە ، ئەلقە گۆڕینەوە و دەستگیران بوونی لەمن شاردۆتەوە ، گورزێکی کاریگەر بە ڕۆح و ڕەوانم کەوتبوو ، هەستم بە تێشکان و پەشیمانی دەکرد . سەرەنجام لەیەکتری جیا بووینەوە . ئەمە چەند ساڵێکە بە تەنهایی دەژیم ، دونیام لە بەر چاو تاریك بووە . هاوسەری یەکەمم ئامادە نیە بەو شێوازەی کە هەیە ، واتە شوو بەیەکێکی تر بکات و تەڵاق بد رێ ، ئەوسا لە من مارە بکرێتەوە ، هەرچەندە دەزانم تا ئێستاش ئەو لە هە موو کەس زیاتر منی خۆش دەوێ ، لە هەموو کەس زیاتر ڕێزم دەگرێ و دەتوانێ ناخم بخوێنێتەوە . بەڵام دیسانەوە ئامادە نیە لە پێناو منا ئەوکەتنە بە خۆی بکات ، پرسی چەندین مەلا و

زانای ئایینیم کردووە ، ئەوان دەڵێن حەتمەن دەبێ شووبکات و تەڵاق بد رێ ، ئەوسا شەرع ڕێگەدەدات شوو بەتۆ بکاتەوە ، هەندێ کەس دەڵێن ئەگەر بچنە سەر مەزهەبی شیعە ئەو بینەوبەردەتان لەکۆڵ دەبێتەوە . ئەوەتا منێکی تێشکاو لە نێو خەم و ئازارو دۆڕانی

خۆما تیا ماوم ، لە دڵەوە یەکەمین هاوسەرم خۆش ئەوێ ، هەرچەندە جیاوازی تەمەنمان هەبووە و هەیە ، بەڵام دڵنیام کە جیاوازی تەمەن هیچ کات ڕێگرنەبووە و نابێتە ڕێگر لە بەردەم خۆشەویستی راستە قینە . خزم و ناسیاوان دەیان پێشنیا رم بۆ دەکەن و داوام لێدەکەن ژنێکی تر بهێنم ، بەڵام من ئامادە نیم هەڵەی ڕابردوو بە هەڵە راست بکەمەوە.

دڵم لە شوێنێکی گیرساوەتەوە و جارێکی تر شوێنەکەی لەق ناکەم.

# ڕاگۆڕینەوە ، هاوسەران لەجیابوونەوە دوور دەخاتەوە



دوایین ئامارەکان دەریانخستووە کە ٧٠٪ ئەو ئافرەتانەی داوای جیابوونەوە دەکەن ، دواتر پەشیمان دەبنەوە و ئارەزوو دەکەن جارێکی تر بچنەوە لای هاوسەرەکانیان ، دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێ پێویستە روو بەرووی کۆمەڵگایەك ببنەوە کە بەچاوێکی ناتەندروستەوە تەماشایان دەکەن ، بەتایبەتی ئەگەر منداڵدار بوون ، ئەوانە لەوانەیە نەتوانن بەرگەی ناهەمواریەکانی ژیان بگرن. دڵتەنگی ئافرەت بەگەیشتنی کاغەزی جیابوونەوە بۆیان کۆتایی نایەت . بەڵکوو کێشەکان لەوێوە دەست پێ دەکات دوای ئەوە ئافرەت نازناوی (تەڵاقد راوی) لێدەنرێت ، زۆربەی ئەوانە لەئەنجامی قسەی توووند و تێژی لەگەڵ هاوسەرەکانیان لەبەر هۆی بێواتا داوای جیابوونەوە دەکەن ، لەو بڕوایەدان ڕێگە چارە گەیشتۆتە بنبەست ، بەڵام ماوەیەك لێکدوورکەوتنەوە لەوانەیە هەست بەپەشیمانی بکەن ، بەتایبەتی ئەگەر منداڵەکانی بەخێوبکات و هەندێ جاریش خۆی بەتەنیا بژێویان بۆ دابین بکات ، ئەمەش وادەکات لەداواکاری پەشیمان دەبێتەوە ، بۆیە زۆربەی داواکاریەکانی جیابوونەوە ئاکامەکەی ئاشتبوونەوەیە زیاترین بارەکانی جیابوونەوە لە ئەنجامی تووڕەبوون و کاردانەوەی توونددو تیژی هەردوولا دەبێت ، زۆر لە ئافرەتانیش لە جیابوونەوە دەترسن تانانەت ، ئەگەر بەزمانی خۆشیان داوای بکەن ، بەڵام تەڵاقیش نابێت لەشەو رۆژێکدا جێبەجێ بکرێ، بەڵکوو دەبێ کاتی بیرکردنەوە بەئافرەتەکە بدرێ تاکوو بەخۆیدا بچێتەوە . ژیانی هاوسەرێتی پڕێتی لە کێشەو ناهەمواری ، پێویستە بەنەرمو نیانی و لێبووردەیی رووبەڕوویان ببێتەوە ، بۆیە واباشترە ژن وپیاو کێشەکانیان چارەسەربکەن بەبێ ئەوەی کەس دەستی تێوەر بدا ، تانەت ئەگەر کەسێکی نێزیکیش بێت و بەرژەوەندییانی بوێ، پێویستە هەردوولا ئەوە لەبەرچاو بگرن کە هیچ کێشەیەك نییە چارەسەری نەبێت بەڵام گرنگ نەگاتە بنبەست ، پێوێستیەکانی دیاریکراو و هەڵبژاردن بۆ تاوتوێکردنی کێشەکانیان . .